# خەیاڵگەی بەستنی کۆنگرە، ڕاکردن لەگۆڕانکاری

ئیبراهیم عەباس

ڕەنگە تێگەیشتن و شارەزایی هەریەکەکێکمان بۆ ژیانی ڕامیاری و حیزبایەتی لەکوردستان و عێراق و تەواوی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، پەیوەست بێت بەئەزموون و ئاستی بەئاگایی و ڕوانین و تێفکرین لەمانەوەی هەمیشەیی سەرکردەکان لەهەرەمی سەرەوەی دەسەڵاتی حیزبەکان و ڕەنگە هەر بەو هۆکارەش حیزبەکان بناسینەوە. ئینجاو لەگەڵ ئەوەشدا بەدڵنیاییەوە ئەو زانیارانەی هەر یەکێکمان هەرچەند زۆر، یان کەمبن، دواجار لەگەڵ ئەو ڕاستییە دەست لەملانێمان دەکات، کەحزبەکانی ئێمەو دەوروبەرمان و ناوچەکە، بەدەگمەن نەبێت، ئەوەندەی بەدوای دەسەڵات و ئیمتیازو پیرۆزکردنی سەرۆک و سکرتێرەکانییەوەیەتی، نیو هێندەو کەمتریش نەلەخەمی گۆڕانی کۆمەڵگاو نەلەناوخۆی خودی حیزبیشدا باوەڕیان بەپەیڕەوکردنی بنەماکانی دیموکراسی و هێنانەدی دادو یەکسانێکی هەرهیچ نەبێت ڕێژەیی هەیە.

هەر وردەکارییەک لەسەر ژیانی حیزبایەتی وپێهەڵبڕین بەرەو ئەو ئاراستەیە، بەرەو خاڵی هەستیاری کۆنگرە وەکو بەرزترین دەسەڵاتی حیزبمان دەبات، بەڵام ئایا لەکوردستان کۆنگرە گەورەترین دەسەڵاتە؟ ئایا هەرگیز ڕوویداوە لەیەکێک لەکۆنگرەکانی سەرجەم حیزبەکان، دوو ڕکابەر یان زیاتر ململانێیان لەسەر پۆستی سەرۆک یان سکرتێری حیزب کردبێت و ئەوە خرابێتە دەنگدانەوە؟ ئەندامانی کۆنگرە دەنگیان پێدابن؟ وەڵامەکەی بێگومان نەخێرەو هەرگیز کارێکی ئاوا کەسەرەتاییترین مافی هەر ئەندامێکی کۆنگرەیە، بەخەیاڵی کەسدا نەهاتووە، یان ڕەنگە لەخەیاڵیشدا ترس ڕێگای ئەو جۆرە بیرکردنەوانە نەدات؟! ئەی کەوابێت حیزبەکانی ئێمە ئەو هەرایە چییە؟ لەهەندێک بارو هەلومەرجدا دەهێنە گۆڕێ و بانگەشەی بەردەوام بۆ بەستنی کۆنگرەی (بەرزترین دەسەڵاتی حیزب) پێدەکەن؟ وەکو ئەو بانگەشانەی ئێستای بەستنی کۆنگرەی زۆرێک لەحیزبەکان، کەهەندێک حزبی گچکە لێبوونەوەو هەندێکی تریش بەرەو ئامادەسازی بەستنی دەڕۆن.

ڕاستییەکەی بیرۆکەو پڕاکتیزەو بەستنی کۆنگرە لەوەتەی حیزبی کوردی هەیە، بەتایبەت ئەو حیزبانەی بەهەر هۆیەکی نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی، سیاسیی، یان ئابوورییەوە جەماوەرێکی زۆریان بەدەورەوەیە، هەمیشە ئەو کۆنگرانە هێندە شکڵیانە کراون، ئامانجەکانیشیان هێندەی بەلاڕێ بردنی کادرانی خۆیان بووە، نیو هێندەو کەمتریش مەبەستیان گۆڕانکاری ڕیشەیی و نوێ بوونەوەی حیزب نەبووەو نییە، ڕاستە وەکو هەموو سوونەتێکی گۆڕانکاری لەکۆنگرەدا ئاڵوگۆڕێک ڕوودەدات و هەندێک کادری خوێنگەرم دێنە سەرکردایەتییەوە، بەڵام ئەوە نابێت ئەوەمان لەبیرببباتەوە کەدوور لەپڕەنسیپەکانی کۆنگرە هەمیشە سەرۆک، یان سکرتێر، بەچەپڵەڕێزانی بەشداربوونی کۆنگرە هەڵدەبژێرێنەوە. ئاخر حیزبی کوردی ئۆڵیفەتی بەکەسی یەکەمی حیزبەوە گرتووەو نەبەکۆنگرەو نەبەکۆنفراس و پلینیۆم و هیچ شتێک، دەسبەرداریان نابێت. ئەو ساتەی ئەندامانی حیزب لەڕواڵەتدا خەیاڵیان بۆ بەستنی کۆنگرە دەچێت و بەشێکی زۆر لەو کادرانەش دڵیان پێخۆشە، بەڵام هەرگیز لەجەوهەردا ئەو کادرە بەختەوەرانەی حیزب هەر بەخەیاڵێشیان دانایەت ڕۆژێک بێت بەزیندووی و بەرلەمەرگی کەسی یەکەمی حزب لەکۆنگرەداو بەدەرنەچوونەوەی بگۆڕیت و پۆستەکەی بەکەسێکی تر بەجێبمێنێت.

مانەوەی بەردەوامی ئەو خاڵە لاوازە لەژیانی ڕامیاری حیزبی کوردیدا، هەمیشە ڕێگای هاتنەناوەوەی دوژمن بووە پێیدا. هەمووی چەند مانگێک پێش ئێستا لەوتارێکی شیکاری هەرە نایابدا هاوڕێ بەڕێزم

پرۆفیسۆر دلاوەر عەبدول عەزیز، شرۆڤەیەکی هەمەلایەنەی ئەو خاڵە لاوازەی حیزبی کوردی کردبوو، گەر هەڵە نەبم، نموونەی بەتیرۆرو شەهیدکردنی دکتۆر قاسملۆو گیران ڕفاندنی عەبدوڵا ئۆچ ئالان هێنابۆوە، کەچۆن شەهیدکردن و ڕفاندنی ئەو دوو سەرکردە کوردەیە، شپرەزەیی بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستان چێکردووە. کەوابێت پێویستە لەئێستادا ئاوڕێک بەلای پڕکردنەوەی بەتاڵایی ئەو خاڵەبۆشەی حیزبی کوردیدا بکەینەوە، نەک بێین هێندەی تر بەلای بەزیندووی ئەفسانەکردنی سەرکردەی حیزبییەکانمان بین و لەدڵدا پەیکەری پەرستنیان بۆ هەڵبەستین. حیزب کەنوێنەرایەتی چینێکی زۆری خەڵک بکات، گەر ئەو حیزبە بەڕاستی باوەڕی بەخەباتی نەتەوەیی و دەستەبەری دیموکراسی و کارکردن بۆ کۆمەڵگای مەدەنی هەبێت؟ نەبۆ سەرکردەیەک و نەبۆ دوان و نەبۆ سەدان پەکی ناکەوێت.

هەر کادرێکی سەرکردایەتی حیزبەکان بدوێنی، لەدونیایەکی خەیاڵی زۆر دوور لەواقیع بۆت باسی بەستنی کۆنگرە دەکات، باشتریین نموونەش گەر خوێنەر لەو چوار، پێنج مانگەی ڕابردوودا لەوکاتەوەی پرسی بەستنی کۆنگرەو ئامادەسازییەکانی زۆربەی حیزبەکان هاتونەتەگۆڕێ، سەیری کردبێت و خوێندبێتەوە کەزۆربەی ڕۆژنامەو هەفتەنامەکان بەو دیاردەیەوە خەریکن و لەو بڵاوکراوانەدا دەیان نموونە بەدی دەکات کەئەو کادرانەی حیزبەکان چۆن بەخەیاڵێکی خەیاڵپاوی خۆشەوە باسی زۆری و کەمی، بەستنی لەکاتی خۆی، یان تەئخیربوونی کۆنگرەی حیزبەکەی خۆیمان بۆ دەکات، باسەکان هەربەوەندە ڕاناوەستن و دەگەن بەوەی چۆن؟ لەو کۆنگرانەدا لەپرۆسەی هەڵبژاردنی دیموکراسیانەدا دەیان کادری گەنج و بەتوانا هاتوونەتە سەرکردایەتی، یان دەگەن بەسەرکردایەتی . ئەگەرچی ئەو جۆرە گوتانە هەر لەبنەڕەتەوە زێدە ڕۆیی زۆریان تێدایە، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت لەڕواڵەتدا جۆرێک لەو ئاراستەیە بەدیدەکەین، وەلێ ئەوە نەکرۆکی کێشەکەیەو نەتەنانەت ڕوانینێکی قووڵیشە بەو ئاراستەیە. لەڕاستیدا هەرگیز بەلامەوە گرنگ نییە حیزبەکانی کوردستان، لەکاتی خۆی یان بەپێی گونجان و هەلومەرج کۆنگرە دەبەستن؟ چونکە بەئاگام لەوەی بەردەوام باس و ئامادەسازی و بەستنی کۆنگرەکان ئەو خاڵە سەرگەرمییەن کەدواجارو بۆ هەمیشە سەرکردایەتی باڵای حیزبەکان تێدا براوەن، ئاخر ئەوان لەسەرگەرمکردنی قاعیدەی حیزبەکەیان چ زەرەرێک، جگە لەقازانج دەکەن؟.

گەر ئاراستەی قسەمان لەسەر (پارتی و یەکێتی) بووەستێ و لەو (16)ساڵەی بەهۆی ڕاپەڕینی خەڵکییەوە فەرمانڕەواو حوکمڕانی کوردستانن و دوو کۆنگرەکەی پارتی (1993 و 1999 ) کۆنگرە تاقانەکەی دوای ڕاپەڕینی یەکێتی و پلینێومەکەی ساڵی ڕابردوویان بەنموونە وەرگرین، دەڵێم؛ ڕاستە لەوکۆنگرانەدا کەم و زۆر گۆڕانکاری کران و هەندێک خەڵکی تازە هاتنە سەرکردایەتی، بەڵام چەند لەو ئەندام کۆمیتەی ناوەندی و سەرکردایەتیانە توانیان پراکتیزەی ئەو دەسەڵاتەیان بکەن؟ کەبەدەنگی ئەندامان بەدەستیان هێناوە؟و ئایا ئەو مافەیان پێ ڕەوا برا؟ هەڵبەت نەخێر! مەگەر بۆ بەشێکی زۆر کەمیان! چونکە ڕاستە دوای چەند مانگێک لەتەواوبوونی کۆنگرە، ئەندام سەرکردایەتییە تازە دەرچووە کۆن و نوێیەکان پلەی بەرپرسیارێتییان دەدرێتێ و لەلقێک یان مەڵبەندێک دادەنرێن، بەڵام هەمووی چەند مانگێک نابات پلەی بەرپرسی (مەڵبەند، یان لق)یان لێ وەردەگیرێتەوەو دەنێردرێنەوە بۆماڵەکانی خۆیان، یان ئەگەر شانسیان هەبێت و نەنێردرێنەوە ماڵەوە وەکو جاشەهارەی دامەو داشی شەترەنج لەو سووچ بۆ ئەو سووچیان دەبەن!؟ ئایا هەمووومان بەئاگانین لەوەی لەنێوان دووکۆنگرەدا هەرلق و مەڵبەندێک زیاد لە(10)دەجار ئاڵوگۆڕی خێرایان پێدەکرێت؟ بەڵام هەندێک لەئەندام سەرکردایەتییەکان، ئەوانەی بەلای سەرۆک و سکرتێری حیزبەوە جێگای پەسەندن، لەمەکتەبە حیزبییە هەستیارەکانی پەیوەست بەپارەو ئەمنییەوە دەچەقن و هیچ کۆنگرەو گۆڕانکارییەک حەدی نییە بیانگۆڕیت!

خۆتەرخانکردنی حیزبەکان بەپراکتیزەی کۆمەڵێک خاڵی بچوکی ناو ژیانی خودی حیزبەوە، تابەرژەوەندییە تەمامحکارەکانی حیزب لەهەڕەمی سەرەوە بپارێزێت، بەتایبەت کەلەئێستادا حوکمڕانی سەرانسەری کوردستانن و هێشتا دۆزی نەتەوەییمان پێویستی بەخەبات و فیداکاری زۆرە، کاریگەرێکی نەرێنی زۆر خراپی لەسەر گەشەسەندن و بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگاو دوورکەوتنەوە لەژیانی دیموکڕاسیانەو هەنگاوەکانی بەرەو کۆمەڵگای مەدەنی نەهێشتوون. لەنموونەدا دەڵێم؛ پاوانی کۆمەڵێک دەزگای ئەمنی و تایبەتمەند بەپارەو ڕاگەیاندن و بڵاوکراوەکان و تاپۆکردنیان وەکو ڕەزووباغی خاوەن موڵکەکان، بۆ زیاد لەپێنج ساڵ و زیاتر، لەسەر چەند کەسێکی زۆر بێتوانا، پاشەکشێیەکی سەیری لەحوکمداری و ڕاگەیاندن و ژیانی ئاسایی خەڵک و ناوخۆی حیزبەکاندا درووست کردووە، تائەو ئاستەی خەمی بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگا فەرامۆش و لەبیرکراوە. گەر حیزبەکانی ئێمە بەڕاستی گۆڕانکاریخوازن؟ ناکرێ و نابێت و ڕاست نییە، ئەو خەڵکە کەم توانەیە بۆ ئەو ماوەیە درێژەیە لەو پۆستەهەستیارانەدا بمێننەوە؟! لەبەرامبەر ئەمەشدا هەر بۆ کەیفە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یان چەند ئەندامێکی مەکتەب سیاسی، بەرپرسی چەند لقێک، یان مەڵبەندێک بەجارێک بگۆڕن. ڕەنگە خوێنەرێکی هوشیار یان ئەندامێکی حیزبی ئەو پرسیارەم لێبکات؟ ئایا ئەوە گۆڕانکاری نیین؟ ئایا حیزب و کۆمەڵگا بەم جۆرو شێوازە نوێ نابێتەوە؟ دەڵێم بەڵێ، بەڵام منیش دەپرسم؛ ئەو کارە بەڕاستیی گۆڕانکارییە؟ کەئەندامێکی مەکتەب سیاسی بەدەسەڵات بتوانێت بەبڕیارێک و لەیەک ڕۆژدا (10)بەرپرسی لق،یان مەڵبەند بەجارێک بگۆڕێت؟ بەڵام نیوەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی نەتوانێت بەڕێوەبەرێکی تەلەفزیۆن، سەرنووسەری ڕۆژنامەیەک، سەرۆکی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران، بەڕێوبەرێکی گشتی هەمەکارەی وەزارەتی دارایی بگۆڕێت؟